# بناخەکانی عیلمی سیاسەت

## بەشی پێنجەم

نووسینی عەبدولڕەحمان عالم
وەرگێڕ: ب ـ پەژار



ئەرەستوو

(ڕێ و شوێنەکانی زانستی سیاسی)

ڕێ و شوێنەك قەبووڵکراوەکان یان بەکارهاتوو لە زانستی سیاسی بریتین لە:

**١ـ ڕێ و شوێنی مێژوویی**

**٢ـ ڕێ و شوێنی بینین و لەبەرچاو بوون**

**٣ـ ڕێ و شوێنی ئەزموونی**

**٤ـ ڕێ و شوێنی جێ بە جێ کردن و بەرانبەر کردن**

**٥ـ ڕێ و شوێنی فەلسەفی**

هەر کام لەو ڕێ و شوێنانە بەکورتی هەڵدەسەنگێنن.

١ـ ڕێ و شوێنی مێژوویی

ئاشکرایە کە ریشەی زۆربەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆ پێوەندی بە رابردووەوە هەیە. بەو پێیە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی عیلمیانەی دیاردە و ناوەندە سیاسیەکان، دۆزینەوەی ڕێچکە مێژووییەکان زەرووری دەکا. کەڵکی ئەو ڕێگەیە لەو ڕاستیە دایە کە نەتەنیا رابردوو شی دەکاتەوە و یارمەتیمان دەدا ئاکامی جێ متمانە وەدەست بێنین لەگەڵ ئەوانەش ڕێ و شوێنێکی بنەڕەتی بۆ ماناکان لەداهاتوو ئامادە دەکا. لەدەورانی کۆندا بیرمەندان و لێکۆڵەرەوانی پێشرەو و دیار، ڕێ و شوێنی مێژوویان بەکار دەهێنا، وەك باتیستا ویکو، مونتسیکۆ، ساونی، هنری ماین، جان سی لی و فریمەن. مرۆڤەکان ئەزموونەکانی رابردوو- کەلەپووری کۆمەڵایەتی دەپارێزن. مێژوو، ئەزموونەکانی لەخۆی دا جێ کردۆتەوە و تۆماری کردوون. بۆچوونێکی هەڵەیە ئەگەر بەو شێوەیە بیر بکەینەوە کە بە بێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەوەی لەرابردوو دا ڕووی داوە، دەتوانین بە ڕاستیەکان بگەین. لەڕاستیدا ڕێ و شوێنە مێژووییەکان دەرووی بیرکردنەوە گەشە پێ دەدا، بۆچوون ڕێك دەخا و بناوانێك بۆ ڕووداوەکان دروست دەکا کە دەکرێ ناوی بنێین هەستی مێژوویی. هەر بەو هۆیە ژمارەیێك لەسەر ئەوە پێ دادەگرن کە ڕێ و شوێنی هەڵسەنگاندنی زانستی سیاسەت دەبێ مێژوویی بێ. بە بۆچوونی ئەو کەسانە، هەڵسەنگاندنی ڕاستی مێژوویی بەشێکی جیانەکراوەی زانستی سیاسەتە.

بە بۆچوونی ئەرەستو وە هەروەها مارکس بۆ ناسینی هەر شتێك دەبێ مەرحەلە سەرەتاییەکان و گۆڕانەکان بۆ بەرەوپێش چوونەکانی ببینین، (مارکس پێوەندی دوو لایەنە و دەرونیشی پێ زیاد دەکا) دەگوترێ ئەو ڕێ و شوێنە داهێنەرانەیە بناخەی ناەوند و دامەزراوە سیاسیەکانە. بەڵام دەبێ لەبەکارهێنانی ڕێ و شوێنی مێژوویی زۆر بەپارێز بین، چونکە لەوانەیە بەرەوگەشبینی فکرییمان بەرێ لەپێوەند بەو شتانەی لەحاڵی ڕوودان دان و بە بەردەوامی لەکار دایە و پێمان وابێ ئەوانە باشترینیانن. دەبێ لەپێوەند بەو گەش بینیە فرەییە مێژوویی ووشیار بین. مێژوو دەتوانێ ڕەوتەکان دیاری بکا، بەڵام ناتوانێ بایەخی کەڵکەکان دیاری بکا. ئەوەی لەمێژوودا هەیە و ئەوەی چۆن پەیدا بووە، ناتوانێ پێمان بڵێ چی باشە هەبێ.

هەڵەی تەواویەت (تکامل) ویستەکان ئەوەیە کە زیاد لە ئەندازە گرینگی دەدەن بە گشتی کردن و ئەو ڕاستیە لەبەرچاو ناگرن کە گەشە سەندنی مرۆڤایەتی تەنیا لەیەك ڕێگەوە نیە. لەسەر ئەو کەم و کورییە دەبێ ئەو باوەر کردنە بەربڵاوەش زیاد بکەین کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەو باوەرە لەڕاستیدا نیوەی حەقیقەتە، نیوەکەی دیکە ئەوەیە مێژوو هیچ کات خۆی دووپات ناکاتەوە. چونکە هەل و مەرجی ئەو کاتانەی ڕووداوەکانیان تێدا دروست بووە، هیچ کات دووپات نابێتەوە. بەو پێیە ئەگەر کەسێك بڵێ ئەوەی لەرابردوو دا ڕووی داوە لەداهاتووشدا ڕوودەدا، بە هیچ دانان و خەسارکردنی ڕۆحی زانستی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانە.

**٢ـ ڕێ و شوێنی بینین**

ئەو ڕێ و شوێنە، هەروەك لەناوەکەی ڕا دیارە، بریتیە لەبینینی دەقیقی ئەو دیاردانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێ. لارنس لاول، پێ لەسەر قابیل بوون لەبینینی زانستی دادەگرێ، پێداگری ئەو هەر لەخۆوە نییە، چونکە بەشێکی گرینگ لەموتاڵا سیاسیەکان لەشیکردنەوەی ئەو ناوەندە سیاسیانەی هەن پێك دێ، ئەو کارەش پێویستی بەو بینینانە هەیە کە جێ باوەر بن، بینینی ڕاستەوخۆ و ووتووێژ لەگەڵ قانوون ناسان و سیاسەتمەداران باشتر دەتوانێ ڕووداوە سیاسیەکان هەڵسەنگێندرێ. زانیاری دەستی دووهەم لەوانەیە جێ باوەربن و یان هەر باوەریان پێ نەکرێ. جێمز بریس، سەردانی تەواوی ئەو وەڵاتانەی کرد کە مەبەستی بوو ناوەندە سیاسیەکانیان هەڵسەنگێنێ و بەراوردیان بکا، هەر بۆیە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو وەڵاتانە ووتووێژی کرد. ئەو کارەی یارمەتی دا تا لەنزیکەوە کارکردی ناوەندە سیاسیەکان ببینێ و لەهەلس و کەوتیان زانیاری و وەرگرێ. هەروەها (هارولد لاسکی)ش، هەوڵی دا لەو ڕێ و شوێنە کەڵك وەرگرێ. بەو پێیە گرینگی بینین و هەست پێکردنی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان بەباشی دەردەکەوێ. بەڵام ڕێ و شوێنی بینین کەند و کوسپ و سەختی هەیە. سی لی، لەگەڵ ناسینی ئەو کەندوکۆسپانە ئەو بۆچوونەی هەبوو کە ناسینی تەواوی ڕاستیەکانی لەزانستی سیاسەت زۆر زەحمەت ترە زانستەکانی دیکە. لاسکی تا ئەو ڕادەیەش چووە پێش و گووتی: تەنانەت کەسانێك کە ڕەوتە سیاسیەکان لەنزیکەوە دەبینین لەوانەیە لەداوەری کردن تووش هەڵە بن، چونکە ڕەوتە سیاسیەکان، زیاتر لەکێوێکی سەهۆل دەچن کە سەرئاو کەوتووە، ئەوەی کە لەسەر ئاوەکە دەبیندرێ تەنیا بەشێکە لەو ڕاستیە گەورەیەی کە لەژێر ئاودا هەیە، کاتێك جیهان بینی کەسێك و کەم و کورییەکانی شەخسی ئەو کەسە لەڕوانین و بەراورد کردنەکان کاریگەریان هەیە، حەستەمی و سەختی لەبینین و بەراوردکردن زیاتر دەبێ. بەگرانی دەکرێ کەسێ کە ڕووداوەکان دەبینێ بێ لایەن بێ، چونکە ئەزموونەکانی کەسیەتی خۆی کاری کردۆتە سەر تێگەیشتنەکەی و ئەو بەو بۆچوونەی خۆی ڕووداوەکان دەبینێ و بەراوردیان دەکا.

کەم و کوریکی دیکەش وجودی هەیە. ئەویش ئەوەیە کە هەڵسەنگێنەر و لێکۆڵەرەوە سیاسیە لەوانەیە بکەوێتە دوودڵی لە هاوشێوە دروستکراوەکان و بە گشتی کردن کاریان پێ بکا کە بنەمای ڕاستی یان نەبێ. بەو پێیە ناسینی تەواوی ڕاستیەکان و موتمانە کردن پێیان گرینگی زۆری هەیە. جیاواز لەوانە ئەو کەسەی دەیبینی لەوانەی هۆی تایبەت بەبەسەرداکەوتن و تووش بوونی لەناکاو لەگەڵ مانا بنەڕەتی و گشتی، باوەکانی لێ بگۆڕێ. تەنیا بینەرە لێکۆڵەرەوەیەك بە توانایی زۆر کە بە باشی هەست دەکا و هەوڵ دەدا و داوەری شارەزایانەی هەیە دەتوانێ بگاتە ئاکامی ڕاست و باوەڕپێکراو.

(خوێنەرانی بەرێز لێرەدا بەشی پێنجەم کۆتایی پێهات، لەداهاتوو دا لەڕێ و شوێنەکانی دیکەی زانستی سیاسەت دەخەینەبەرچاو)

***

# ناکرێ بە بەڵێنی رژیمی ئاخوندی باوەڕ بکرێ

سیامەند


کیهان
۱۲ صفحه
استمداد بازرگان از مطبوعات و مردم برای کمک بشورای انقلاب و دولت
امام: روحانیون نباید رئیس جمهور شوند

له دوای قسەکانی ئاخوند ناتقی نووری لەسەر خاوەنداری ئێران بەسەر وەڵاتی بەحرین و سەرهەڵدانی کێشە و ئاڵۆزی نوێ لە نێوان رژێمی ئێران و وەڵاتی بەحرین، زۆربەی وەڵاتانی عەرەب ڕەخنەیان لە رژێمی ئاخوندی گرت. هەر لەو پێوەندەدا شورای هاوکاری وەڵاتانی کەنداوی فارس ڕاگەیێندراوێکی بڵاو کردەوەوە و ڕەخنەیان لە رژێم گرت، هەروەها وەزیری دەرەوەی عەربستانی سەعودیش داوای هاوکاری و یەکڕیزی وەڵاتانی عەربی لە بەرانبەر رژێمی ئێراندا کرد. بە سەرهەڵدانی ئەو ڕەخنە بەربڵاوەی وەڵاتانی عەرەب، دەسەڵاتدارانی ئێران بەناو بۆ خاوکردنەوەی ئاڵۆزیەکان، سادق مەحسولی وەزیری ناوخۆی رژێمیان نارده بەحرین و کەوتنە پاڕانەوە و ڕایانگەیاند قسەکانی ناتقی نووری هەڵویستی ریژیم نیە. هەر بەدوای چەند ڕۆژ لە سەفەری وەزیری ناوخۆی رژێم بۆ بەحرین، وەزیری دەرەوەی بەحرین سەردانی ئێرانی کرد و داوای لە سەرانی رژێم کرد بەڵێنی بدەن کە هیچ بەربەرپرس و دەسەڵاتدارێکی رژێم بۆ جارێکی دیکە قسەوباس لەمەڕ بەحرین و ڕابردووی ئەو وڵاتە وپێوەندیەکانی بەئێرانەوە نەکا. هەرچەند ئەو داوایەی بەحرین لەلایەن رژێمی ئاخوندی نەسەلمێندرا، بەڵام شارەزایانی سیاسی ئەو داوایەی بەحرین بە بەشێك لە مەرجە بنەڕەتیەکانی ئەو وەڵاتە دەزانن بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی نێوانیان. بێ گۆمان قەبوڵکردنی ئەو شەرتە لەلایەن کاربەدەستانی رژێم شکستێکی سیاسیە، بەڵام ناکرێ ئەو مەعنایەی لێ وەرگێری کە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان جارێکی دیکە ئیدیعاو داوای خاوەنداریەتی بەحرین دووپات ناکەنەوە. دەسەڵاتدارانی رژێم نەتەنیا چاوی تەماعیان لە بەحرین بریوە، بەڵکو باوەریان وایە دەبێ دەسەڵاتیان بە سەر هەموو وولاتانی ئیسلامیدا هەبێ، زۆر لەمێژە کار بۆ ئەوە دەکەن کە ئیمپراتوری ئاخوندی بە سەر جیهانی ئیسلامیدا زاڵ بکەن.هەربەو مەبەستەش لەژێر ناوی ناوەندی فەرهەنگی ڕووناکبیری، پروپاگەندەی جۆراوجۆر لە وولاتانی کەنداو خەرج کردنی سەرمایەی خەڵکی ئێران، بۆ دەستە و تاقمی جیاجیا لە تێکڕای وڵاتانی ئیسلامی کار بۆ وەدی هێنانی مەبەستەکانیان دەکەن. بەچاوگێرانێکی خێرا و وردبوونەوە لە کێشەو ئاڵۆزیەکان لەناوخۆی وڵاتانی عەرب و موسوڵمان، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە رژێمی ئاخوندی سەرچاوەی سەرەکی پەیدابوونی تێکڕای ئەو ئاڵۆزیانەیە. لە لوبنان بە کردەوە دەسەڵاتدارانی ئێران خاوەن نەزەرن و فەرمان دەدەن، لەخواروی عێراق و لە شارەکانی ناسریە، نەجەف، کەربەلا و بەسرە رژێمی ئاخوندی بە ئاشکرا دەست لە کاروباری ئەو ناوچانە وەردەدا. هەر بە نێگەرانی لەو هەلومەرجە و دەست تێوەردانەکانی رژێم، وەزیری ناوخۆی عێراق لە ئاگادارییێکدا ڕایگەیاند نابێ هیچ چێشتخانە و هوتێل و جێگەیێك لە عێراق دا، بێجگە لە پێناسەی عەربی پێناسەی دیکەیان بە سەرەوە بێ. لەئەمارات، کوەیت، عەربستانی سەعودی و تێکڕای وەڵاتانی عەرەبی دەست و پێوەندەکانی رژێم هەڵدەسووڕین و خەریکی ئاژاوەگێڕی و پێك هێنانی هەڵومەرجی گونجاون بۆ دەخالەتی زیاتری رژێمی ئێران لە کاروباری ئەو وەڵاتانە. بێ شك ئەو هەڵوێست وسیاسەتە چەوتانەی رژێمی ئاخوندی بۆ کاربەدەستان وەدەسەڵاتدارانی وولاتانی عەرب روونە، بەڵام دەسەڵات وحکومەتەکان لەو وڵاتانە ترسیان لە رژێم هەیە وناتوانن بە جیدی ڕووبەڕووی ببنەوەو دەستێوەردانی رژێم ریشەکێش بکەن. دەسەڵاتی ئاخوندی بە خوێندنەوەی ئەو وەزعەو سیاسەتی خۆپارێزی وەڵاتانی ناوچەکە، بەردەوام دەبن لە پیلانگێڕی و دەستێوەردانەکانیان و لە کاتی سەرهەڵدانی کۆدەنگی وەڵاتانی عەرب لە حاست سیاسەتەکانیان بەزاهیر بەڵێنی دەخالەت نەکردن و دۆستایەتی دەڵێنەوە، کە لەبنەڕەتدا بەڵێنەکانی رژێمی ئاخوندی کاتیە و ئاخوندان سوورن لەسەر درێژەدان بە سیاسەتە پیلانگێڕی و پاوانخوازیەکانیان. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە لەدوایین هەڵویستدا، وولات مەراکیش پێوەندییە سیاسیەکانی لەگەڵ رژیمی ئێران بڕیو ئەو وەڵاتەی بە دەخالەت کردن لەکاروباری ناوخۆیی مەراکیش تاوانبار کردووە.


کیهان
۱۲ صفحه
امریکا اعضای «ناتو» را دعوت به تحریم اقتصادی ایران کرد
امام: مصادره و تصرف غیر شرعی اموال مردم شدیداً محکوم است
خانه نخرید، همه را صاحب خانه می کنیم
دادگاه فدرال امریکا با اخراج دانشجویان ایرانی مخالفت کرد
حذف بهره بانکی قطعی است
حقوق ملت کرد فقط به خود

***